سەرۆك كۆمار: عەرەب و كورد و پێكهاتەكانی دیكەی گەلی عێراق پێكەوە بە یەكگرتوویی وەستاین بۆئەوەی زوڵم رێتبكێنەوە و دژی ستەمكاری راپەڕین



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئامادەی ڕووسمی 43یەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێكخراوی بەدر بوو، كە شەوی پێنجشەممە 28-3-2024 لە بەغداد بەڕێوەچوو.

بەگوڕەی ڕاگەیەندراوەكی سەرۆكایەتی كۆمار سەرۆك كۆمار لە ڕووسمەكەدا وتەیەكی پێشكەشكرد و جەختیكردەوە، ئەمڕۆ، ڕۆژانی جیهاد و ساتەكانی شەرەفمەندبون بەبیردەهێنینەوە، كە عەرەب و كورد و پێكهاتەكانی دیكەی گەلی عێراق بە یەكگرتوویی وەستاین بۆئەوەی زوڵم ڕێتبكێنەوە و دژی ستەمكاری راپەڕین.

هەروەها سەرۆك كۆمار ئاماژەی بۆكرد، بە بیری نۆوكانی دەهێنینەوە، بە ئۆزمووونی دیموكراسی ئەمڕۆی عێراق نادەگەیشتین ئەگەر ئەو قوربانیدانانەی پیاوانی تەكشێر نەبوایە، كە بەرامبەر زوڵم وەستانەوە و ستەمكارییان ڕێتكردەوە و كاریان كرد بۆ بنیاتنانی نیشتمانێكی سەربەخۆ، كە تێیدا گەل بە ئازادی لەسەر خاكی خۆی بژی.